دەربارەی رەوتی رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی کوردیی

رزگار عومەر: ئەو شەڕەی ماڵپەڕەکان دەیکەن کۆپییەکی کاربۆن ئاسای شەڕی ناوخۆی کوردستان

رزگار عومەر



گۆران عەبدوڵڵا

رزگار عومەر : ئەم پرسیارە نوقسانی پێوە دیارە .نەك تەنیا بۆ من کە لە گەڵ دوو دۆستی تر ئەو سایتە بە ڕێوە دەبەم ، بەڵکو بۆ خوێنەریش مەعلوم نیە ، کە ڕەخنەی لەو بابەتە کێ گرتویەتی ؟ کە تۆ دەڵێ ی " ڕەخنەی ئەوەتان لێ دەگرن " تۆ بە سیغەی " کۆ " بەرزی ئەکەیتەوە ، ئەوان کێن ؟ نووسەرن ، خوێنەرن ، ئەندامی حیزبێکن ، یان ئەنتی حیزبێکن ؟ هیچ ئیستیدادێکی دیاری کراو یان بەڵگەدار نیە ، بۆ ڕەخنەیەکی لەو بابەتە کە ئەو پرسیارە پشتی خۆی پێ قایم بکا . ئەگەر کەسێك لێکۆڵینەوەیەکم پێ نیشان بدا کە لە سەر سەرجەم ژمارەکانی تەمەنی دەنگەکانەوە بەڕێوە چووبێ ، ئەو وەختە مادەیەك لە سەر مێزی گفتوگۆدا دەبێ و ئێمەش دووقسەی لە سەر دەکەین ، بەڵام من زیاتر وای بۆدەچم ئەندێشەی سەرەکی ئەم پرسیارە ، زادەی خەیاڵێکە کێشەیەکی لە گەڵ بزوتنەوەیەکی دیاری کراو هەیەو دەیەوێ بە سەر دەنگەکانی ساغ کاتەوە .

لە لای ئێمە ناسنامەی حیزبی ، یان ئایدۆلۆژی نووسەر ، یەك دەنك دەوری نیە لە بڵاوبوونەوەی بابەتەکانی . لەلای ئێمە بابەتی باش خۆی فەرز دەکا ، ئێمە بابەت دەخوێنینەوە ، نەك راست و چەپ بوونی نووسەرەکەی ، تەنانەت ناوبانگی نووسەریش هیچ گرەنتی لە بڵاوکردنەوەدا نیە . نووسەر هەیە لە پێش لە دایك بوونی منەوە بەرهەمی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکاندا بڵاوکردۆتەوە و بابەتیشی هەبووە ئێمە بڵاومان نەکردۆتەوە ، نەك لە بەر ئەوەی ئێمە موهیمن ! نا ، لە بەر ئەوەی لە گەڵ ئەو ناسنامەیە نایەتەوە ، کە ئێمە دەمانەوێ لە پرۆسەی تەتبیق کردنیدا دەرفەت بە سەر لەنوێ دروست کردنەوەی خۆمان و خوێنەری جیدی و میدیایەکی سەرکەوتوو بدەین .

نووسەری خۆ بە چەپ زان هەیە ، هەفتەی هەر بە گۆتڕە سێ نووسینی لاوازو بێ تامی دەنووسی ، هەوڵی جدیمان لە گەڵ دەدا کە ئەم شێوازە بگۆڕێ و بەرهەمی باشتر بنووسێ ، دواتر لە ڕاسترین سایتی ئەنتەرنێتا خۆی دۆزیەوەو ئێستاش هەر لە گۆرانیبێژوو سیاسەتمەداری کوردەوە بگرە تا دەگاتە نەخۆشی ئەنفلۆنزای مریشك ، لە سەریان دەنووسێ کەسیش بەو سایتە ئاڵێ ئەرێ برا تۆ نووسەری چەپت ئیبراز کردووە ؟ سایتی چەپیش هەیە ، هەرچی ئەو نووسینانەی ئێمە بڵاوی ناکەینەوە ئەو لەسەری سەرەوە بڵاوی دەکاتەوە ، بۆیە دووبارە ئەڵێم ئەم پرسیارەی ئێوە نوقسانە ، چونکە لە خەمی ئەوەدا نیە ، سۆراغ بکاو بپرسێ کێ بەرهەمی لاواز ، نووسینی بێ مەعنا ، شیعری تا سەر ئێسقان کۆن لە شێوەدا کۆنەپرستر لە ناوەڕۆکدا ، بە یەك و دوو نا ، بەڵکو بە سەبەتە لە سایتەکەی خۆی بڵاو دەکاتەوە .

نیوەند : ڕەوشی ڕۆژنامەگەری کوردی چۆن دەبینن ڕۆژنامە تەقلیدیەکان لە ئاستی پێویست دایون ؟

گۆران عەبدوڵڵا : ڕۆژنامەگەری کوردی , تائێستاش بەشێوەیەکی گشتی مەبەستم (باشوری کوردستان)ە , ریمۆد کۆنترۆڵەکەی بەدەستی حیزبەوەیە و لە ئەتمۆسفیری ئایدیای حیزب واوەتر ناچێ و نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دەنگێکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆی . چونکە بەڕێوەبردن و دابینکردنی ئیمکاناتی مادی و پێویستییەکانی تری ڕۆژنامە لەرێی دەسەڵاتی حیزبەوە بەدەست دەهێنرێ . بۆیە نووسەرەکان دەبێ لە چوار چێوەی بەڕژەوەندێکانی حیزبدا بنووسن نەك کێشەو داخوازی و کەموکورییەکانی خەڵك بخاتەڕوو بۆ دەسەڵات و بەهەمان ڕشێوەش لەکەمتەرخەمی و گەندەڵێکانی دەستەڵاتیش ئاشکرا بکات .

لەبرگە مێژوویەکانی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا بینیمان کەچۆن لە پێناوی بەرژەوەندێکانی حیزبدا نەك بێدەنگ نابوون بەڵکوو پاساویشیان لەبەرانبەر ئەتککردنی سیمبولە پیرۆزەکانی گەل دەهێنایەوە .بەڵام ئەمڕۆ لەپاڵ وجودی ئەو واقیعەتەدا کۆمەڵێ دەنگی جیدی بەدیدەکرێت کە کار لەسەر تێکشکاندنی ئەو بەستەڵکە فکریی و دونیایی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکەن . ئەمەش مایەی خۆشحاڵیەکی گەورەیە.

نیوەند : ڕەخنەی ئەوەتان لێدەگرن ستافی دەنگەکان زیاتر بایەخ بەنوسەرەچە پەکان ئەدەن ، ئەمەڕاستە ؟

ماڵپەڕی دەنگەکان یەکێکە لە ماڵپەڕە جدییە کوردییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە ڕۆژانە خوێنەرێکی زۆر ڕووی تێدەکەنو سەکۆیەکی ئازادیشە بۆ خامەی نووسەران، لە بەسەرکردنەوەیەکی (نێوەندە)دا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەپێزان (گۆران عەبدوڵڵا)و (رزگار عومەر) بەڕێوە بەرانی ماڵپەڕەکە کرد بەم جۆرە:

نیوەند : پێش هە ڕپرسیارێك دەمەوێت پێت بڵێم حیزبەکانی کوردستان هەموشتێك ئەکرن لەماڵاولاش باس لەوە دەکرێت بەشێك لە نوسەران وماڵپەڕەکان کراون ئایا لەم بوارەدا ئێوە سەربەخۆن ؟ بەسەراحەت پارتە دەسەڵاتدارەکان کوردستان ژیر بەژێر داوای ئەوەیان لێنەکردون کەهاوکاریتان بکەن ؟ ئەگەر هاوکاریتان بکەن وەری دەگرن؟

ڕزگار عومەر : دەنگەکان سایتێکی سەربەخۆیە . بەڵام ئەم سەربەخۆ بوونە پێویستی بە ڕوون کردنەوەیەکی درێژتر هەیە لە ڕستەیەك دووان . دەنگەکان نوێنەرایەتی هیچ بەرژەوندێك ، یان حیزبێك ، ئایدۆلۆژیایەك ناکا . ناسنامە و پێناسەی ئێمە سادەن دەتوانم لێرە لەم خاڵانەی خوارەوە ، کە لە ناسنامەی دەنگەکانەوە وەرم گرتووە کورتی بکەمەوە :((دەنگەکان سایتێکی بێ لایەن و سەربەخۆیە ، خۆی بە دەنگێکی هاوئامانجی ڕۆشنگەری دەزانێ ، پرۆژەیەکە هەمیشە ئامادە باشە بۆ تازە بوونەوە و گۆڕان . چەمکی دیموکراسی بڕبڕەی پشتی ئاسۆ و ئامانجەکانی دەنگەکانە ، دیموکراسی وەکو وشەیەکی ریکلام نا ، بەڵکو وەکو چەمکێکی زیندووی پێویستیەکانی ئەمڕۆی دونیا لە ئاستی لۆکەڵ و جیهانیدا ، دیموکراسی چەترێکە گەورەترین گروەوەکانی ئینسان ، بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست، کۆنترین و تازەترین پرسیارو قەیرانەکانی سیستەمە سیاسیەکانی لە ژێر باڵی خۆی کۆ کردۆتەوە ، دەنگەکان خۆی بە پرۆژەیەك دەزانێ لە ژێر چەتری خەبات بۆ دیوکراسی ، کە ئەم پرۆژەیە چەندین مەیدانی زیندوو دەگرێتەوە ، کەپرسیارەکانی تاکی کورد لە ئەمڕۆ لە دوا ڕۆژی خۆی بە یەکەوە گرێ دەداتەوە ، پرسیار لە ئایندەی سیاسی ، پرسیار لەدیوکراتیزە کردنی ژیانی کۆمەلایەتی ، پرسیار لەو هەلوێستانەی کە ڕۆشنبیری لە گشتێکی پڕ لە پراکتیکدا سەر لەنوێ دەبێتەوە بە ئامرازێکی سپی بۆ گۆڕان .

دیموکراسی بەشێکی جیا نەکراوەی عەدالەتی کۆمەلایەتییە ، دەنگەکان هیچ تەحەفوزێکی نیە لە خۆبەستنەوەی خۆی بە ئاسۆی هەموو ئەو بزوتنەوە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریانە لە پێناوی عەدالەتی کۆمەلایەتی دێنە قسە یان دێنە پراکتیك ، هەر ڕێگایەکی جەماوەری ، هەر ریفۆرمێك یان گۆڕانێکی قوڵی ریشەیی ، هەر داهێنانێکی هونەری و فێکری بیەوێ بۆ ئەم ئامانجە بخوێنێ دەنگەکان لە ئامێزی دەگرێ .

دەنگەکان دەنگی ئەنتی شەڕە ، دەنگەکان دەڵێ نا ، نا بۆ توندو تیژی ، دەنگەکان دەنگی ئاشتیە لە پێناو ئەو پرەنسیبە گشتیانەی کە مرۆڤایەتی لەم سەر بۆ ئەو سەری دونیا بە یەکەوە گرێ دەداتەوە ، پرەنسیبی مافی مرۆڤ ، پرەنسیبی پێکەوە ژیانی هەموو ڕەنگ و ناسنامەکانی کۆمەلگەی مرۆڤایەتیە ، هەموو ناسنامەیەکی توند ڕەوی ناسیۆنالیستی و شۆڤینیستی ، هەڕ بروبیانوویەکی ڕاسیستی ،هەر داتاشینێك لە سەر بناغەی جیاوازی دین ، ناتوانێ لە سەکۆی دەنگەکانەوە سەر دەربێنێ))

ئەمە پێناسە و شەخسیەتی سەربەخۆی دەنگەکان پێك دێنێ ، جا هەر کەسێك بیەوێ خزمەت بەم پێناسەو ئامانجانە بکا با کۆمەکی پێ بکا . ئێمە هەر کەسێك و لایەنێك کۆمەکمان پێ بکا ، لە سایتەکەمان بڵاوی دەکەینەوە ، بەڵام تەئکید دەکەمەوە کە ئێمە قەت خۆمان ناکەینە کۆیلەی کۆمەکی مەرجدار و وەری ناگرین . تا ئێستا هیچ لە حیزبەکانی کوردستان بە تایبەتی یەکێتی و پارتی لەسەر هیچ ئاستێکی حیزبی یان حکومی هیچ پەیوەندیەکیان لە گەڵمان نەکردووە ، نە بۆ کۆمەك نە بۆ هیچ بابەتێکی تر ، ئێمە خۆشمان بە هیچ جۆرێك داوای کۆمەکمان نە لەوان لە هیچ حیزبێکی تر کردووە . داوای کۆمەك کردن لە حیزبەکان بێ باج و بێ موقابیل نیە ، هیچ لەم حیزبانە لە دەسەڵاتدارەوە تا ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن ناتوانن لە گەڵ ئەوە خۆیان ڕابهێنن ، کە کۆمەکی کردن بەم پرۆژانە بێ لیستێك لەمەرجی دەمبەستنەوەو خاترو ختوری بە دوادا نەبێ ، پێکەوە ژیانی سیاسی حیزبەکانی کوردستان سەیر بکا ، حیزبە بچوکەکان بە دەرکەوتن و نیشان دانی جیاوازی لە گەڵ حیزبە دەسەڵاتدارە سەرەکیەکان نان و مەعاشیان لە خۆیان ئەبڕی ، بۆ دەست کەوتنەوەی ئەو یارمەتیانەش یان ڕوویان لە جەمسەرەکەی تری دەسەڵات دەکرد ، یان بە شەڕو مەفاوەزات لە ڕێکەوتنامەی تازەدا سەر لەنوێ بودجەیان بۆ تەرخان دەکرا ، چەندین حیزب کە مامانی سەرەکی بەرهەمهێنانی توند ڕەوی و تاریکین لە کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەکی یەکێتی پارتی لە دەیەی نەوەدەکان تا ئەمڕۆش پێیان گرت و بوون بەو جەمسەرانەی ئێستا دەیانبینی .

نیوەند : دەنگەکان کەی دامەزراوەو دەکرێت بڵێن یەکەمین ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیی کوردیە ؟

گۆران عەبدوڵڵا :-6-1 2002وەك دەستپێکردنی کاری دەنگەکان دیاری کراوە, سەبارەت بەشی دووەمی پرسیارەکەت ئێمە بەو ئیمکانات و توانایەی کەلە بەردەستمان بووە هەوڵمان داوە پەیوەست بین بە بەشی پێشرەوەی دونیای ڕۆژنامەگەرییەوە. تا چەندە توانیومانە جێگای خۆمان لەو چوارچێوەیە بکەینەوە, ئەوە وەلامی ئەو پرسیارە بۆ خوێنەران و نووسەرانی دەنگەکان جێ دەهێڵم .

نیوەند : ڕەخنەی ئەوەتان لێدەگرن ستافی دەنگەکان زیاتر بایەخ بەنوسەرەچە پەکان ئەدەن ، ئەمەڕاستە ؟

نێوەنـد : لەنیوان ماڵپەڕەکان ناکوکییەك بەدی دەکرێت و زۆرجار تۆمەت و جنێو بەیەك ئەدەن ، پێتان وانیە ئەمە مجورە لەکارکردنە ناتوانێت خزمەت بەکاری ڕۆژنامەوانی بگەیەنێت ؟ بەڕەدەوام لەنیوان کوردستان نێت و کوردستانیۆست دا شەڕێك بەدی دەکرێت ئەگەر وەك ڕۆژنامە نوسێك وەلامم بەیتەوە ، گەلیان فاکتەری ناکۆکیەکانن ؟

ڕزگار عومەر : ئەم باسە باسێکی گرنگەو پەلو پۆی زۆر لێ دەبێتەوە ، پەیوەندی بە گەشە پێدانی میدیای ئەلیکترۆنیەوە هەیە ، پەیوەندی بە نووسینەوەی مێژوویەکی دیار کراو هەیە ، پەیوەندی بە فەرهەنگی توندو تیژیەوە هەیە ، کەلە نێو کوردا قوڵتر بۆتەوە ، قۆڵ بوونەوەیەك کە هەردوو سایت لەو شەڕەی نێوانی خۆیان کارامەیی بێوێنەیان نیشان دا لە زیندووکردنەوەی ئەم فەرهەنگە لە میدیای ئەلیکترۆنیدا .پرسیار لەسەر ئەوە نیە کامەیان دەستی پێ کرد ، بەڵکو کامەیان کۆتایی پێ هێنا ؟؟ تا ئەمڕۆش بە چەندین شێوە بەردەوامە ، دۆکومێنت کردنی ئەم شەڕە لەوەدا دەست پێ ناکا کە ئێمە یان خۆیەر بیێ بە حەکەم و خەتاباری دەست پێ کردن دەست نیشان بکرێ ، بەڵکو پرسیار ئەوەیە کامەیان ووتی :- من ئالای سپی شەڕی ناوخۆی کوردستانە ، لە جیاتی دۆشکە و هاوەن ، کیبۆردو قەڵەم بوو ، لە جیاتی سەربانی ماڵان و قوتابخانەکان ، سەردێری بابەت و مانشێتە بەرزەکان بوو ، لە کوردستان پێشمەرگەو لیوای تایبەت شەڕی نێوخۆیان دەکرد ، لە نێوان ئەم دووسایتەش هەریەکەیان فەوجێکی بچووکی لەنووسەر بەناو نووسەر جیا کردبۆوەو نیشانیان لە بابەت و نووسینەکانی ڕۆژانەی یەکتر دەگرت ، لە شەڕی نێوخۆی کوردستان کوژراو هەبوو ، لە شەڕی ئەم دووسایتەش و ئەدەبیاتەکەیان بەسەر بکەوە ، کوشتنی دڕندانەی مەعنەوی یەکتر ئەشێ سەرژمێری بۆ بکەی . من بە خۆزگەی ئەوەم درەنگ یان زوو ڕۆژگاری بێ ، خوێنەرو نەوەکانی کورد بە لێکۆڵینەوەو نووسینەوەی ئەو مێژوو نووسە بە ئەمەکانەی حەقیقەت شاد بێن ، کە شەڕی نێوخۆی کوردستانیان بۆ دەکەن بە کتێب و وانە ، دلنیاشم لەو کتێبانە بەشێکی گرنگی تایبەت دەبێ بە شەڕی نێوان ئەم دوو سایتە .

نێوەنـد : بارودۆخی کوردستان چۆن هەلدەسەنگێنی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان لەکوردستان کێشەکانی خەڵکی چارەسەر دەکات ؟

گۆران عەبدوڵڵا :پرسیارێکی گشتی و هەمەلایەنەیە . بارو دۆخی کوردستان زۆر ڕووی هەیە بۆ هەڵسەنگاندن. بەڵام دەکرێ بڵێین بارودۆخی کوردستان زۆر تر لە کەشتیەیەکی بێ کەشتیوان دەچێ, بۆ کوێ دەچێ و لەکوێ لەنگەردەگرێ زۆر ڕۆشن نیە بۆ خەڵکی کوردستان. زۆر تر لەوەی ئیرادەی خۆمان ئاراستەی کەشتێکە دیاریکات, زیاتر تەوژم و بەرژەوەندیکانی دونیای دەرەوەی خۆمانە گوتارە سیاسیەکانی دەسەڵاتی کوردی دیاری دەکات .

کوردستان بە بەراورد بەو بارودۆخەی کە بۆی ڕەخساوە لەم 15 ساڵەی رابردووداو تا ئێستاش دەسەلاتی کوردی زۆر کەم کاریووە چ لە ڕووی باشترکردنی سێرقسە کۆمەلایەتیەکان بۆ خەلکی کوردستان و چ لە ڕووی دونیای دەرەوە کەتا ئێستا ڕۆشن نییە چ بەرەیەکی پشتگیری بۆ پشتیوانیکردن لەبریارە چارەنووسسازەکانی کوردستان دروست کراوە, کە پێم وایە پێکهێنانی بەرەیەك بۆ بەرگریکردن لەو بریارانەی کە خەڵکی کوردستان ئازادانە سەبارەت بە چارەنووسی خۆی دەیدا کاریکی دەستبەجێ و گرنگە. چونکە ئاسۆی گۆرانێکی گەورە بەدی دەکرێ لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا, ناکرێ هێلکەکانمان بۆ هەمیشە هەر لە سەبەتەی ئەمریکادا بێ.

نیوەنـد : ئایا یەکگرتنەوی ئیدارەکان وەلامدەرەوەیە بە کێشەکانی خەڵکی کوردستان.

گۆران عەبدوڵڵا : من پێم وایە نا .یەکگرتنەوەی ئیدارەکان زۆرتر کاریکی سیاسیە و ڕوو بە دونیای دەرەوە گرنگی زیاتر پەیدا دەکا . ئەم شێوەیە لە حکومەت سیقەیەکی زۆرتری دەبێ بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ دونیای دەرەوەدا. بەلام هەردوو دەسەلاتی (ینك وپدك) ئەمەشیان وەکو دەرمانی سەد دەردان بەخەڵك فرۆشتنەوە . کێشەکانی خەڵکی کوردستان لە خۆپێشاندانەکانی کەلار, هەڵەبجە, ئاکرێ و کەرکوك و ناڕەزایەتییەکانی قوتابیان و گەنجانەوە دەردەکەوێ کەئەمانەش هەموو پێویستیان بە پرۆژەی کورت ماوەو، درێژ ماوە هەیە، کە پێش وەخت هەموویان ئیعلان کرابن و بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان کرابێ و هەیئەی ڕەقابەش بۆ جێبەجێکردنیان دامەزرابێ . نەك بە بەلێنی سەرپێیی و پرۆژەی نیوەناچڵ و یان کردنەوەی کۆلێژی شەریعە وەك ئەوەی خەڵکی کێشەی ئەبوونی کادیری دینی هەبێ.

نیوەند : ئەوەندەی من ئاگادارم ئێوە لەکوردستان پەیامنێرتان نیە بۆچی ؟

گۆران عەبدوڵڵا: وایە, کەمو کورتییەکی گەورەیە بۆمان , بەلام تا ئێستا کەسێك پەیدا نەبووە خۆبەخشانە ئەو کارەمان بۆ هەڵسوڕێنێ .

نیوەنـد : زۆربەی ڕۆژنامەئەلکترۆنیەکان لەدونیادابایەخ بەهەواڵ و ڕیپۆرتاژ ئەدەن لەدەنگە کان بە پێچەوانەوەیە زیاتر بایەخ بە وتارئەدرێت ؟

گۆران عەبدوڵڵا : پێمان باشە گرنگی بەلایەنی هەواڵ و ڕیپۆرتاژ بدرێ بەڵام ئەو کارە بە دەزگایەکی گەورە لە ڕووی ئیمکاناتی مادی و بەشەرییەوە ئەنجام دەدرێ, ئەوەش لای ئێمە دەست ناکەوێ . پێچەوانەی ئەمەش دەبێتە جوینەوەی هەواڵ , ئەو شێوە کارەش تۆزێ بێتامە.

لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا

-چل ساڵ لەمەوبەرو لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا هەردوو حیزبی (چ)ی نیشتمانپەروەرو (م) ی ولاتپارێز لەسەر گردێك یەکتریان کەوڵ کرد.

-سێ ساڵ لەمەوبەرو لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا بەرێز (.....) ئەندامی مەکتەبی سیاسی (.....) سۆپەرمارکێتێکی لەولاتێکی ئەوروپی کری.

-شەش ساڵ لەمەوبەر و لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا وەزیرەکەمان چل وەرەقەی لێکەوتە سیفۆنی تەوالێتی ماڵەکەیانەوە و گوێشی نەدایە.

-یانزە ساڵ لەمەوپێش و لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا کە خەڵك لەبرسا دەمردن لە ناهەنگێکی شاهانەدا کاربەدەستانی ولات بایی دوو دەفتەر دۆلار گۆشت و وێسکییان هەڵهێنایەوە.

-ساڵێك لەمەوپێش و لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا لیژنەی نەهێشتنی گەندەڵی لەهەڵمەتێکی بێوێنەدا دوو سێ ملیۆن دۆلاری لووڵ دا.

-هەشت ساڵ لەمەوبەرو لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا تاوڵە چییە بێکارەکانی گازینۆی (.....) بۆ خۆ مەشغوڵکردن پارتێکی سیاسیان دروستکرد.

-دوانزە ساڵ لەمەوبەرو لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا حیزبە براکانی ئەمرۆ لە ناهەنگێکی سێ پێی و گۆرانی و مۆسیقادا شەری براکوژەیان دەستپێکرد.

-حەوت ساڵ بەر لەئێستاو لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا کە ڕۆژێکی جوگرافی بوو بەردی بناغەی هۆڵی شانۆی ئەتەوەیی دانرا (قسەی خۆمان بێ شوێنەکەی بۆتە گەراجی ئۆتۆمبیل).

-چوار ساڵ لەمەوپێش و لەرۆژێکی عەینەن ئەمرۆدا بریاردرا ژیان و نان تەنیا بۆ دزو درۆزنان بێت و العکس الصحیح.

سەرگوزشتەی ناوپاسێك

-کورە ئەوە دەڵێی چی؟ چاکسازیی چی مەگەر چاکسازیی بریتی بێت لە پاکسازییکردنی دڵسۆزان.

-تۆخوا لیژنەی گەندەڵی و چاودێریی دارایی وێراوێتی سەیری قێڵای مەسئولەکان بکات؟

-دەڵێن بەشێك لەدەسەڵاتداران خۆیان تلیاك دەفرۆشن، ئەگەر وابێت قۆڕ بەسەرمان.

-کچی کاك فیکلانکۆ وەزیری دارایی دورگەی مەنگەنیزیا ڕۆژانەکەی سێ وەرەقەیە.

-ڕاوێژکارێك بەدۆزە دۆزە حەوت دەفتەر دۆلاری لەقاسەکانی حکومەتدا دۆزییەوە، شەرع دەڵێ حەڵاڵە.

-حیمایەکانی جەنابی (.....) بەچەقۆ و دەرپەفیز وەشاندن وەلامی پرسیاری پۆلیسێکی هاتوچۆیان دایەوە.

-هەڤاڵ(.....) قارەمانی ڕۆژی تەنگانەی گەلەکەمان لە بەلەزە تخانەکەی سلێمانی شەوی دووکیلۆ زێر دەدۆڕێنێ.

-پایە بڵندێکی شاعیرو ساحێب دیوان بەبۆکزو مستەکۆلە بەرنۆیە وێژەی شاعیرێکی لاو.

-دەڵێن حکومەتی هەرێم دوو دەستە کە پسوولی دژە گەندەڵی هێناوە بەلام وابزانم لەگە نجینەکاندا هەڵگیراون.

-کورە هەندەرانییەکەی (.....) ی مامۆستای کوردایەتی بەدۆدرمە دەڵێت دۆنم دەردە ناهەقێ نییە وادەزانێ دۆنمە عەرزە.

-ئەتەوەیی و پێشمەگەر دێرینەکان داوا دەکەن پەیکەرێکی برۆنز بۆ عەبدولستار تاهیر شەریف دروستبکرێت!

-هەموو دەزانێ خانمی یەکەمی عێراق کێیە، ئەی دەبێ خانمی چوارەم و پێنجەم و ملیۆنەهەم کێ بن؟.

بەئەمری من و ماسی

-بەئەمری من و ماسی چاکسازیی گەندەڵی خۆم و کورسی و سەروەت و سامانەکەم ئەگێڕتەوە.

- بەئەمری من و ماسی سبەینێ نرخ لە بازاڕەکاندا بگاتە کەشکەڵانی فەلەك.

-بەئەمری من و ماسی خوشکەزاکەم ببێتە ئەندام لەپرلەمان لە پەرلەمانخانەکەی کوردستان.

- بەئەمری منی حووت و ماسی با ئاژاوەی عێراق هەر بەردەوام بێت تامێ لێرە بیخۆم.

- بەئەمری من و ماسی لەکون فەیکونێکدا ببمە ملیادێر وەك سەرۆکەکانی کورد.

- بەئەمری من و ماسی بڕواناممەی ماستەرو دکتۆرا لە فەلسەفەدا وەربگرم لەو زانکۆیەی خۆم بەدەڵمە.

- بەئەمری من و ماسی ببمە خاوەنی یەك دەرزەن کەنیزەك و حەشاماتێك عەشیقە.

- بەئەمری من و ماسی نامەوێ دەوڵەتی کوردیی دروست ببێت (ئەگەرنا بازاڕمان نامێنێ).

- بەئەمری من و ماسی لەنێران بدرێت تاچل پە نجا نۆتۆمبیلی ترم دەستبکەوێت.

- بەئەمری من و ماسی پاپۆری حیزبەکەی ئەیارم وەك تایتانیك نغرۆ ببێت.

- بەئەمری من و ماسی داگیرکەر بەردەوام هەرەشە لەکوردستان بکات (نان بەوەوە دەخوێن).

-بەئەمری من و خانەماسی پیاوی عاقڵ نەچێتە سەرکردایەتی حیزبەکانەوە.

- بەئەمری من و ماسی باوی دڵسۆزیی و دەستپاکی و خۆ مخۆریی لەفەرمانگەکاندا نەمێنێ.

وەزیرخانە

-وەزیرێك لەم تازە وەزیرانە تا ئێستا بە تەڵاق و شەرەف سوێند دەخوات و باسی کۆمەڵی مەدەنی دەکات.

-وەزیرێکی بێ وەزارەت تا نەبۆیە وەزیر نەیدەزانی کاری وەزیری هەرێم چییە.

-وەزیرێکی پێشووی هەرێم چاپیچییەکەی نە نجومەنی وەزیرانی سلێمانی چای نەدەدایە کەچی ئەمڕۆ سکرتێرەکەی بۆتە وەزیری هەرێم.

-وەزیرێکی زۆر عەنتەر و عەسکەریی داوای وەزارەتی پەروەردە یان خوێندنی بالای کرد بوو، جوانە خۆ ئەو بەقەوان دەڵێ قەنم و بە خوێن دەڵێ مورەکەب.

-وەزیرێکی سوعبەتچی وتبووی ژن خوشکەکەم زۆر شیاوی وەزیرەیی بوو کەچی منیان لە شوێنی دانا (ژن زەعیفەیە).

-وەزیرێکی بێ بڕوانامە سێ هەفتە لەفەرهەنگی نوێی بورهان قانیع و چەند قاموسێکی تردا گەڕابوو بەدوای واتای تەکنوکراتدا بەلام خۆشبەختە چنگی نەکەوتبوو.

-وەزیرێکی شەرانی و دەمانچە لەژێر پشتێن بەرۆژنامەنووسێکی وتبوو کە لەشاخ بووین وابزانم ڕۆژنامەبوو فیشەکی دەتەقاند.

-وەزیرێکی تەکەتولچی بە پوزرا ئەندازیارەکەی وتبوو لە تەکەتوولەکەی ئێمە بوویتایە دەمێك بوو وەزیر بووی خۆ بەکەفانەت نییە.

-وەزیرێکی شارستانیخواز وتبووی خوا لەگەنج کەرتری دورست نەکردووە، ئەی خۆی چەند ساڵ کەربووە؟

خەڵاتی ڕێزلێنان

بە پێی نووسراوێکی بێ ژمارەو بێ مێژوو هەر بەهەوەسی خۆمان بریارماندا خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ ئەم کەسانە بێت :

-ئەوانەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەداستانەکانی قادسیەو ئوم مەعارك و ئەوانیترا بەشداربوون.

-بۆسەردك جاش و کۆنە بەعسی و ئەندامانی لیژنەی تەشریعی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (بۆ دڵ ڕازیکردن).

-بۆ ئەو کوردە بەئەمەکانەی تا ڕۆژی 2004/4/9 شانیان بەقەڵای بەعسەوە دابوو.

-بۆ ئەو کەسانەی لەجیاتی ئەوەی ماستاو بکەن بەمەشکە دۆ بۆ دەسەڵات دەژنن.

-بۆ هەموو ئەو قەلەمە بوێرانەی شەوو ڕۆژ بەشان و شەوکەتی سەرکردەکاندا هەڵدەدەن.

-بۆ ئەو شاعیرانەی هەموو هەفتەیەك شیعرێك بەسەر بالای خاوەن شکۆدا داهۆننەوە.

-بۆ ئەو لۆتی و شایەرانەی مانگی دووجار سروود بۆ سەروەرییەکانی حیزب دەچڕن.

-بۆ ئەو نووسەرە چەنە بازانەی مایکرۆفۆن نادەن بەکەس لە پیاهەڵدانی حکومەتە بۆگەنەکەماندا.

-بۆ سەرەك عەشیرەت و دەمسپی و ڕیش سپی و پیاو ماقوڵ و خاوەن تەریقەت و دەیوەخان و تەکیە.

-بۆئەو پێنووسە بوێرانەی لە ڕۆژنامەی هاوکاریی و پاشکۆی عێراق هەزاران وتاریان لەبارەی پێشمەرگەوە نووسی و کردیانە خۆشەویستی گەل.